# ئەو شتەی) ئاژەڵ (زیانی پێبگەیەنێت) بەهەدەرچووە، (وئەوەی) بەهۆی) بیرەوە (زیانی پێبگات) بەهەردەچووە، وله گەنجینە وكانزای دەرهاتوو لە ژێر زەوییەوە یەک لەسەر پێنج (واجبە بدرێت بە خانووی سامانی مسوڵمانان -بە حکومەتی -فەرمانڕەوای مسوڵمان)

له ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «(ئەو شتەی) ئاژەڵ (زیانی پێبگەیەنێت) بەهەدەرچووە، (وئەوەی بەهۆی) بیرەوە (زیانی پێبگات) بەهەردەچووە، وله گەنجینە وكانزای دەرهاتوو لە ژێر زەوییەوە یەک لەسەر پێنج (واجبە بدرێت بە خانووی سامانی مسوڵمانان -بە حکومەتی -فەرمانڕەوای مسوڵمان)-».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی حوكمی بەرپرسیارێتی دەكات بەرامبەر ئەو شتانەی بەهەدەرچووە یان زیان وكەموكورتی بەركەوتووە بەهۆی ئاژەڵ یان بەهۆی بیرەوە یان بەهۆی كانزاكانەوە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونی دەكاتەوە: ئەگەر هەركەسێک زیانی بەربكەوێت بەهۆی ئاژەڵ ئەوا هیچ كەسێک لێی بەرپرسیار نییە ونابێت نرخی ئەو زیانەی بۆ بداتەوە ئەگەر خاوەنەكەی كەمتەرخەم نەبووبێت لە چاودێری كردنی ئاژەڵەكەی، بەهەمان شێوە ئەگەر كەسێک بكەوێتە ناو بیرێكەوە یان بەهۆی بیر وسەرچاوەیەكی ئاو زیانی بەربكەوێت وتیا بچێت؛ ئەوا خاوەنی ئەو بیرە بەرپرسیار نییە، چونكە ئاژەڵ وبیر وسەرچاوەی ئاو ناكرێت زەمانەت بكرێت بۆ دانەوەی نرخەكەی وپارە بەو كەسەی زیانی بەركەوتووە بەهۆیانەوە وبەهەمان شێوە خاوەنی ئەم شتانەش بەرپرسیار نین ئەگەر كەمتەرخەم نەبوو بێت لە چاودێری كردنیان، وپاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوە كرد هەركەسێک كە خەزێنە وكانزای بەنرخی دۆزیەوە زۆر یان كەم بێت ئەوا دەبێت یەک لەسەر پێنجی ببەخشێت بە (خانووی سامانی مسوڵمانان -بە حکومەتی فەرمانڕەوای مسوڵمان-)؛ چونكە بەدەستیهێناوە بە بێ ماندوو بوونێكی زۆر، وئەوەی دەمێنێتەوە بۆ خۆی دەبێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4533

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee